# پێشەوا دوو دڵ مەبە ئامادە دەکات



لە پەیوەندیێکدا گۆرانیبێژ **پێشەوا حوسین** تایبەت بە **رۆژی گە ل** گوتی: پێش ماوەیک کۆتایم بە وێنە گرتنی بەرهەمی **دوودڵ مەبە** هێنا.

پێشەوا ئاشکرای کرد ئەلبومەکەی ناوی "**دوودڵ مەبە**" یە و لە هۆنراوەی رێدارسابیرە، زنا ئەنوەر ئاوازی بۆ داناوەو دابەشی کردووە، حوسێن زارین دەریهێناوە، ئالان جەلال وێنەی گرتووەو فەرهاد درەیی مۆنیاژی کردووە.

پێشەوا گوتی لەبارەی لۆکشنەکانەوە سوود لە دیمەنەکانی شاری سلێمانی وەرگیراوە، بەوهۆیەشەوە زۆر سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە لە بەرهەم هێنانی دوول مەبە دا هاوکاریان لەگەڵ دا کردووم.

# خۆزگە

کاوە حسێن



خۆزگە وەک شیعرێکی سادە
لەمەبەستی تۆم ئەزانی
بەڵام من قەت ناگەم لەتۆ
کچێکی زۆر پڕ گومانی
دواین بڕیار بدرکێنە
گوڵم هەرچەن
پڕ ئازادبێ
کەچوار وەرزی من پاییزە
دڵ بۆ چاوەڕێی بەهار بێ
گەر نەتوانی گوڵی حەزم
دەرکەی
لەوەرزی بێزاری
خۆ ئەتوانی لەناو دڵتا
دەرم بێنی بەیەکجاری.
راستە شۆخێکی ناسکی جوانی
دونیا لە تۆ ئەچێ
بەڵام سۆزێکت نەبی بۆم
جوانیت بۆمن بەچی ئەچێ!!

kawahussen@yahoo.com

# زەمبیا دەڵێ: گوێ لە خەمی من راگرن!



لە لێدوانیکی تایبەت دا **زەمبیا** لە بارەی کارو پرۆژە هونەریەکانی خۆیەوە بە **رۆژی گەل** ی راگەیاند:" ئێستا ئەلبومێکم بەناوی خەمی من ئامادە کردووە کە لە 6 تراک پێک هاتووە، پێنجیان بە زاراوەی سۆرانی و یەکیشیان بە زاراوەی کرمانجی سەرووە. هۆنراوەکانی ئەم ئەلبوومەم لە شیعری شاعیران ئازادەرەش، نەجم هۆگر، کەژاڵ ئەحمەدو ئە کرەم خامۆش هەڵبژێردراون، ئاوەزەکانیش لەبەرهەمی خەلیل عەبدوڵلا و ئازادەرەش و عەبدوڵلا دلسۆزن، یەکێکیشیان لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە.

جێگەی ئاماژەیە کە سەنتەری ئارۆ چاپ و بڵاکردنەوەی لە ئەستۆ دەگرێ، کە لە هەر سێ ستۆدیۆی میلۆدی هەولێر، ستۆدیۆی لانەی دەنگ و ستۆدیۆی خاک لە سلێمانی تۆمارکراون.

زەمبیا وەکو گۆرانی بێژەکانی دیکە بەهەردوو زاراوەی سۆرانی و کرمانجی گۆرانی بچڕێ.

# هەڵدێر محێدین هەموو دونیا بەرهەم دێنێ

هەلدێر محێدین ئەستێرەی یەکەمی ستۆدیۆی ئەستێرانی زاگرۆس تیڤی لە بارەی کارو دواپرۆژەی هونەری خۆی بە ئێمەی راگەیاند کە لەگەل هونەرمەند هەڵکەوت زاهیردا کار بۆ بەرهەم هێنانی یەکەم ئەلبومی گۆرانی خۆی دەکات، بەوهۆیەوە هەڵدێر گوتی:" ئەلبومی هەموو دونیا کە یەکەمین ئەلبومی گۆرانی منە، لە 9 تراک پێکهاتووە، سەرجەم ئاوازەکانیش لەلایەن هونەرمەند هەڵکەت زاهیرەوە دانراون ، هۆنراوەکانیشیان لە بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس، ئەدیب چەلکی، حەمە سەعید ئیبراهیم، ریبوار زرارو دکتۆر ئاراس وەرگیراون . کاوە شێخ کاری دەنگی بۆ کردوە، هونەرمەند هێمن حوسێن دابەشی کردوون، گۆران کامیلیش دووگۆرانی دابەش کردووە.

لە رێگەی هەفتەنامەی رۆژی گەل ەوە هەڵدێر بە پێویستی زانی سوپاسی هەموو ئەوانە بکات کە هاوکاریان لەگەڵ دا کردووە، بەتایبەتیش کاک هەڵکەوت زاهیر کە گرینگی و بایەخ بە گەنجان دەدات.

هەلدێر ئاشکرشی کرد کە لەگەل گۆرانیییبێژی لاو **باخان** گۆرانی "بەس ئیتر"ی تۆمارکردووە .

# ڤێستڤاڵی شانۆی سەرشەقام لە مەریوان بەرێوەدەچێ

دووەمین خولی فیستیڤاڵی سەرتاسەری سەرشەقام کە بەرهەمەکانیان بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی پێشکەش هۆگرانی هونەر دەکەن لە مەیدانی سەرەکی شاری مەریوان، پارکەکان و گۆرەپانی فێرگەکانی شاری مەریوان بەرێوەدەچن و نمایش دەکرێن.

جێگەی ئاماژەیە کە بەرهەمە سەرکەوتووەکان بەختی ئەوەیان پێدەدری تا لە بیست و شەشەمین ڤێستڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی فەجردا بەشداری بکەن.

"**عوبەید رۆستەمی**" شانۆنامەنووس و دەرهێنەری کوردستان ، **ئەمیر دژکام** مامۆستای زانکۆ، **شەهرام کەرەمی**، بەرپرسی شانۆی سەرشەقامی بەرێوەبەرێتی گشتی هونەرە شانۆییەکانی وزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئێران بە دەستەی دادوەری دانراون ، ئەوان بەرهەمە باشەکان هەڵدەبژێرن.

# نورانی دەربارەی ئازارەکانی دڵ دەدوێ



لە پەیوەندییکی تایبەت دا هونەرمەند **فەرشید نورانی** سەبارەت بە ئەلبوومی ئازارەکانی دڵ بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل** ی راگەیاند:" دوای بێ دەنگییێک توانیم ئە لبوومی **ئازارەکانی دڵ** ئامادە بکەم، ئەم ئەلبوومەش لە 9 تراک پێکهاتووە، چوار لە هۆنراوەو ئاوازەکانی ئەم ئەلبوومە هی خۆمن، ئەوانی تریش فۆلکلۆرن.

جێگەی ئاماژەیە کە ئازارەکانی دڵ لەلایەن ژەنیاران فەردینی لاوەند پور، فەرزادی عەندە لیبی، فەرهادی عەندەلیبیە و جەلیل عە ندەلیبیە کاری مۆزیکی بۆ کراوە، لە رووی تۆماری دەنگ و میکس لە تاران کارەکانی بۆکراوە.

فەرشید نورانی لە بارەی دیاردەی کۆپی کردنەوە گوتی: من هەتا ئەو رۆژەی نەبینم بە چاوی خۆم لای من هیچ ئەساسیی نیە، دوای ئەوەش من ئە م ئەلبومەم بەزەحمەتێکی زۆرەوە بەرهەم هێناوە، بە ئاسانی نایهاوێمە ناو بازارەوە، چونکە من نەتەماتە دەفرۆشم نە کالا!.

سەبارەت بە کۆمپانیاکانی کوردستانیش، فەرشید گوتی:" کۆپانیانین بازرگانن، چونکە دەبێت واستەت هەبێ دەنا کارت بۆ ناکەن، دوای ئەوەش نەبوونی ستۆدۆش کاریگەری بۆ هونەرمەندەکە هەیە بۆیە هانا بۆ دەرەروە دەبات، منیش یەکێکم لەو کەسانە بۆ ئەم ئەلبومەم هانام بۆ تاران بردووە وکارم بۆکردوە، داوا لە ماڵی هونەرمەندانی کورد دەکە م با بەیەک چاو سەیری هونەرمەندی باش و خراپ بکرێ.

جێگەی ئاماژەیە کە بەدەر لەم ئەلبومە فەرشید نورانی ئەلبومێکی تری ئامادەیە، بەڵام لەبەر کێشەی ماددی نەیتوانیوە بەرهەمی بهێنێ.

لە دواین پەیڤ دا دەڵێین: فەرشید نورانی ساڵی 1971 لە شاری سنە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە.

# فێرخوازانی 10 نەتەوە لەگەڵ گۆرانی کوردی شایی دەکەن و هەڵدەپەڕن




**ماڵپەری عامودێ**: بەبۆنەی دەست پێکردنی ساڵی خوێندنەوە، رۆژی 12-10-2007 فێرخوازانی کوردی زانستگەی **بوخوم**ی وڵاتی ئەڵمانیادا شەو ئاهەنگێکیان ساز کرد کە نزیکەی 200 کورد تێیدا بەشداربوون، هاوکات لاوانی نۆ نەتەوەی دیکە بەشداریان لەگەڵ دا کرد و لەگەڵ ئەواندا ئاهەنگیان گێڕاو دیلانیان دابەستا.

بەگوێرەی زانیاریەکان خوێندکارانی ئەڵمانی، چینی، ئیتالی، پۆلۆنی،عەرەب، روس، جیبۆتی، فارس و تورک بە ئاوازو گۆرانی کوردی وەجۆش هاتن و بەشداریان لە شایی و دیلانی کوردیدا کرد.

بەگوێرەی هەواڵەکان هەرچەندە ئەو رۆژە بە رێژەی 85% شۆفێرانی شەمەندەفەرەکانی ئەو شارە مانیان گرتبوو، کاریان نەدەکردو رێبوارانیان نەدەگوازتەوە، بەڵام دیسانەوە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران خۆیان گەیاندبووە شوێنی ئاهەنگەکە. هەروەها زۆرێک لە بنەماڵە کوردەکان لەبەر جەژن و میوانداری ، هەندێکیشیان لەبەر زنجیرە دراماکانی کەناڵە ئاسمانیەکان دەرفەتیان نەرەخسابوو بەشداری تێدا بکەن، بەڵام لاوانی نەتەوەکانی دیکە نەیانهێشت ئاهەنگەکە سێوی ببێ، ئەوان لەژێر کاریگەری ئاوازو مۆزیکی کوردی شەو ئاهەنگەکەیان رازاندەوەو بەشداریان لە خۆشی فێرخوازە کوردەکان دا کرد.

# سەرکەوت رەسول دیوانی پاییزە یاد چاپ دەکات



شاعیری لاوی سەرکەوت رەسول کە لەنێو جیهانی هۆنراوەکانی کوردی دا شوێن پەنجەی دیارە بە پەیامنێری رۆژی گەل ی راگەیاندووە: دوای ئەوەی بۆ یەکەمین جار شیعرەکانی خۆی بەشێوەی ناملیکە بەناوەکانی **فاتە شێت** و **یادنامەی مەیتگای عومرێک** چاپ و بڵاوکردۆتەوە، تیراژی هەر یەکەشیان 1000 دانە بووە، بەڵام لە بازاڕەکاندا نەماون، بۆیە ئێستا ئەو ناملکانە دووبارە چاپ دەکاتەوە. یەکەمین چاپکردنی ناملکەکان لەسەر گیرفانی خۆی بووە، بەڵام ئەمجارەیان حکومەتی هەرێم بۆ چاپکردنەوەیان هاوکاری دەکات، بەوهۆیەشەوە دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێم دەکات و سوپاسی دەکات.

سەرکەوت رەسول ئاشکراشی کردووە کە بێجگە لە چاپ کردنەوەی ناملکەکان ئێستا هەردوو بەرهەمەکەی بە دەنگی خۆی تۆمار کردووەو بە سی دی ئامادەکراون.

لە درێژەی قسەکانی دا سەرکەوت رەسوک گوتویەتی: نیازم هەیە ئەو شیعرانەی من کە لەلایەن هونەرمەنداوە کراون بە گۆرانی لە ناملکەیەکی تایبەت دا کۆیان بکەمەوە، هەروەها نیازم هەیە بەشێک لە بەرهەمەکانی خۆم بەناوی پایزە یاد لەشێوەی دیوانە شیعر چاپ بکەم.

**هەواڵەکانی دوا لاپەڕە لە لایەن پەیامنێری هەفتەنامەی رۆژی گەل کاک رەوەند حاجی لە هەولێرەوە ئامادە دەکرێن**


ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

ئۆفیسی سلێمانی: گەرەکی مشیراوا(رزگاری) نزیک گۆڕەپانی هونەر، ژمارەی تەلەفۆن 0532109256

ئۆفیسی هەولێر: شەقامی ئاراس ، باڵاخانەی هیوا، نهۆمی سێ ، ژمارە 20، ژمارەی تەلەفۆن: 0662548589 ئۆفیسی کەرکوک : حەسیرەکە، بەرانبەر قەیسەری چواریاخ، ژمارەی تەلەفۆن 07701325080


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com